داریوش ئیقبالی، ساڵی 1950 لە تاران لە دایکبووە، لە تەمەنی (20) ساڵییەوە دەستی بە گۆرانی وتن کردووە، پاش ئەوەی واز لە خوێندنگەی ئامادەیی دەهێنێت، دەبێت بە شوفێری تاکسی و لە تاراندا لەسەر ئەم کارە بەردەوام دەبێت.

سەرچاوەی ئیلهامو شێوازی گۆرانی وتنی داریوش کاریگەریی (داود مەقامی)ی پێوە دیاربوو، ئەمە سەرەتای دەستپێکردنی بوو، بەڵام لە دواییدا تواناو بەهرەی داریوش لەلایەن هەردوو نووسەری لیریك (جەنابی ئەتایی و شەهرەیار قەنیاری)یەوە پێی زانراو ناسرا.

داریوش لە ساڵی 1975دا گیراو خرایە زیندانەوە بە تاوانی ئەوەی لە ماڵەکەیدا مادەی بێهۆشکەر دۆزراوەتەوە، بەڵام هەندێك لە چاودێران دەڵێن: "گرتنەکەی داریوش بە هۆی ئەو تاوانەوە نەبووە، بەڵکو هۆکاری سەرەکی ئەم گرتنەی گۆرانییەکانی بووە، کە مەیلێکی سیاسییان تێدابووە".. داریوش بەهۆی فشاری ڕای گشتی و جەماوەرەکەیەوە ئازاد دەکرێت، بەڵام پاش ئازادکردنی ناچار دەکرێت گۆرانی بەباڵای شای ئێراندا بڵێت، ئەمەش کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی کردە سەر ناوبانگی.

ساڵی 1978 داریوش بەناوبانگترین ژنە گۆرانیبێژی هەڵکەوتووی ئەم سەردەمەی ئێران دەخوازێت، کە (گوگوش)ەو دەبێتە دەزگیرانی، بەڵام پاش شۆڕشی ئیسلامی، داریوش ئێران جێدەهێڵێت و دەچێتە ئەمریکاو گوگوش-یش بریاری مانەوە لە ئێراندا دەدات و بەم شێوەیە پەیوەندییەکەیان کۆتایی پێدێت. پاش ئەوەی دەچێتە ئەمریکا ژن دەهێنێت و کچێکیان دەبێت بە ناوی (بیتا).

ئێستا داریوش و خێزانەکەی و کچە بچووکەکەی لە ویلایەتی نیومەکسیکۆی ئەمریکا وەکو پەنابەرێك ژیان بەسەردەبەن و ماوەی (23) ساڵە لە وڵاتی خۆیان دوورن و زۆربەی گۆرانییەکانیشی سۆزی ئەم دووریی و غەریبییەیان پێوە دیارە.

داریوش تاکو ئێستا (15) ئەلبوومی گۆرانی بەرهەمهێناوە، جگە لەو کۆنسێرتانەی لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا گێڕاوێتی وەك: (ئەمریکاو ئەورپاو وڵاتانی کەنداوو...)، کە زۆربەیان کۆمەلایەتی و سیاسی و تراژیدین.

کەسێکی نەناسراو لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بڵاویکردۆتەوە: ئەو تاوانانەی دراونەتە پاڵ داریوش هیچیان ڕاست نییەو تاوەکو ڕاستیی ئەم تاوانەش لەلایەن داریوش خۆیەوە دەردەکەوێت، من ئەم ڕاستییانە دەخەمە بەردەستتان، ئەوکاتە خۆتان دەتوانن حوکم بدەن:

*پێیان وتووم: داریوش خوێندنگەی ئامادەیی جێنەهێشتووەو نەشبووە بە شوفێری تاکسی و وەکو هەموو کەسێکیتر چۆتە زانکۆو خوێندنی زانکۆیی تەواوکردووە.

زۆرکەس بۆیان نووسیوم داریوش لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی گیراوە، نەك لەبەر بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکان، من لەوە ئاگادارمو دەمەوێت هەموو کەسێك لەو زانیاریانەی خۆم دڵنیا بکەمەوەو ئەو ڕاستییە بزانن کە داریوش گۆرانی سیاسی زۆری وتووە، وەکو (بوی گندم-بۆنی گەنم)، هەر بەو هۆیەشەوە گۆرانی و شیعرەکانی کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر خەڵك هەبووەو دەسەڵاتدارانیش بۆ ئەوەی خەڵك لەو ململانێ سیاسیانە دووربخەنەوە، داریوش-یان بە بیانووی بەکارهێنانی مادده بێهۆشکەرەکانەوە گرت و زیندانی کرد، بۆ ئەوەی لەبەرچاوی جەماوەرەکەی بخەن و خەڵکی لێدووربخەنەوە، بێگومان ئەمەش خۆشەویستی جەماوەری بۆ داریوش زیاتر کرد.

ماوەتەوە بڵێن: داریوش جەماوەرێکی زۆری لە چین وتوێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا هەیەو خەڵکی بە جیاوازی ڕەگەزو زمانەوە گوێ لەم کەڵە گۆرانیبێژە دەگرن کە تائێستا چەندین نەوەی بە ڕێکردووەو نەوە لە دوای نەوەش جەماوەری گۆرانییەکانی زیاتر دەبێت و هۆگرو شەیدایانیشی پتردەبن.

*دەتوانن بە هۆی ئەم سایتەی ئینتەرنێتەوە زانیاری زیاتر بەدەستبهێنن:

www.persianmedia.com /music/dariush

و: شکار ناصح